Komala Party _ Iranian Kurdistan
Secretariat

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت

راگەیاندنی شمارە ٣ی سکرتاریەتی کۆمەڵە:

## بۆ مەحکوم کردنی هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم بۆ سەر خەڵکی شاری کرماشان و گرتن و ئەزیەتو ئازاری لاوانی ئەو شارە

هەر وەك لە هەواڵەکان و راگەیاندنە پێشووەکانی کۆمەڵەوە ئاگادار کراون کە خەڵکی کوردستان بە گشتی بەرامبەر بە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئێران ساردوسڕن و لە زۆر شوێن بەرامبەر بە شەپۆلی پروپاگەندەی ناوەندەکانی هەڵبژاردن هەڵوێستیان گرتووە. لە شاری کرماشانیش خەڵك بە کۆبوونەوە و شێوەی جۆراوجۆر ناڕەزایەتی خۆیان بەرامبەر بەم هەڵبژاردنە دەربڕیوە.

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە لە شاری کرماشانەوە گەیشتوون،هەر لە یەکەمین سەعاتەکانی ئەمشەوەوە واتە شەوی چوارشەممە ٢٥ جۆزەردان-ەوە رژیم بە هەزاران هێزی چەکداری رژاندۆتە ناو شاری کرماشان. بە گوێرەی ئەم هەواڵانە چەکدارەکانی رژیم دەستیان داوەتە ئەزییەت و ئازاردانی خەڵك و بەزۆری چەك بڵاوە بە هەر کۆبوونەوەیەکی خەڵك دەکەن و تەنانەت لە کۆبوونەوەی دوو-سێ نەفەریش بەرگری دەکەن.

ئەم هێزانەی رژیم بە تایبەت لە شەقامی موسەدق، تاقۆسان، مەیدانی جوانشیر، مەیدانی ئیمام حوسین و دەوروبەری ترمیناڵی "راه کربلا" خەریکی گەڕان و مانۆردانن و هەتا ئێستا واتە سەعاتی ١١ی شەو نزیکەی ٢٠ کەس لە لاوانی ئەو شارەیان گرتووە و ئازار و ئەزیەتیان داون. شایانی باسە کە لە شارەکانی ئیسلام ئاباد، کرند، سەحنەو کەنگاوەریش هەواڵ دەگات کە خەڵك خۆیان ئامادە کردووە کە بە شێوەیەکی بەرین لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری نەکەن.

روون و ئاشکرایە کە تەیار کردنی و رژاندنی ئەم هەموو هێزە چەکدارە بۆ ناو شارەکانی کوردستان و هێرشی کردنە سەر خەڵك لە شارەکانی مەهاباد. سنە، کرماشان، تەنیا بۆ چاوترسێن کردنی خەڵك و کێشانیان بۆ بەر سندووقەکانی دەنگ دانە کە بە پروای ئێمە هیچ دەسکەوتێکی بۆ رژیمی سەرکوتگەر و داگیرکەری کۆماری ئیسلامی نییە. ئێمە مانۆڕ و پەلاماری هێزە چەکدارەکانی رژیم بۆ سەر خەڵکی کوردستان بە توندی مەحکووم دەکەین و خوازیاری ئازاد کردنی دەستبەجێی هەموو گیراوەکانین. داوا لە هەموو کەسایەتی و لایەنە ئازادیخواز و دێمۆکرات و چەپەکان دەکەین بەرامبەر بەم ملهوریەی هێزەکانی رژیم بێ دەنگ نەبن و بیروڕای گشتی لە حاست ئەم سەرکوتگەریەی رژیم لە کوردستان ئاگادار کەنەوە.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
١٣٨٤/٣/٢٥
**٢٠٠٥/٦/١٥**

---

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)3138**499
Mobile: **009647701405134**
**Fax: 00447043140449**